ژیلە سەڵاح یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق:

# هیوادارم پاڵەوانیەتی زیاتر بکرێتەوەو یاریزانان پشتگوێ نەخرێن

تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و زۆربەی یاریزانەکانی لەیارییە جیاوازەکان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقن و ململانێی یانەگەورەکانی عێراق دەکەن، یەکێک لەیاریزانە بەتواناکانی یانەکەش ژیلە سەڵاح لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری سلێمانییە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری چەندین پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی کردەوەو چەندین ریکۆردی شکاندووە. لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتانی عەرەبی چەندین مەدالیای جۆراوجۆری بەدەست هێناوە، ئێمەش بۆ ئاشنابوون بە ژیانی وەرزشی ئەو خانمە یاریزانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.



***لەنێوان ئەم هەموو یارییە چۆن بوو بە یاری گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

-بە ویستی خۆم بوو. زۆر حەزم لەیاری گۆڕەپان و مەیدان بوو بۆیە هەر ئەو یارییەشم هەڵبژاردو زۆریش لێی ئاسوودە بووم.

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان لەسەرئاستی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی؟**

- جاران یاری گۆڕەپان و مەیدان زۆر بەباشی بەڕێوەدەچوو، واتە ئاستی باشی هەبوو، بەڵام ئێستا وەکو پێویست نییە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا نە پاڵەوانییەتی دەکرێتەوە، نە خزمەتێکی باشیش هەیە بۆ ئەم یارییە، جاران لەساڵێکدا دوو پاڵەوانیەتی لەکوردستان دەکرایەوە، بەڵام ئێستا هەر ناکرێتەوەو بەهۆی قەیرانی دارایی ئاستی یارییەکە بەرەو خراپی چووە.

***ئەی لە شار سلێمانی لە چ ئاستێکدا دەیبینی، هەموو کات خاوەن یاریزانانی بەتوانا بووەو کێبڕکێیان لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە کردووە؟**

-هەموو کات یاریزانانی کورد بەهێز بوون لەپاڵەوانیەتی کوردستان و عێراق و زۆربەیان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقن، جیاوازی لە نێوان شارەکان ناکرێ، چونکە هەموو کوردن، راستە یاریزانانی سلێمانی زیاتر لەهەڵبژاردەی عێراقن، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە ئێمە کوردین و بتوانین خزمەتی وڵاتەکەمان بکەین. جا لە هەر شارێك بێت، پێویستە بە هێز و ئاستی بەرزی ئەو یاریزانانە بتوانن ئاستی خۆیان لەکاتی پاڵەوانیەتییەکان بەرز بکەنەوە.

*** بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم یارییە لە کوردستان و بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز، پێت باشە چی بکرێت؟**

-هیوادارم پاڵەوانیەتی زیاتر بکرێتەوەو یاریزانان پشتگوێ نەخرێن، چ لەسەر ئاستی کوردستان و چ لە ئاستی عێراقیش بۆ ئەوەی بتوانن پەرە بەتواناکانی خۆیان بدەن.

*** باشترین ئەنجامە باشەکانت وەکو یاریزانێك چین؟**

-لە یارییەکانی ٤٠٠م بەربەست و ٤٠٠م سەربەست لەگەڵ بەریدی ١٠٠م و ٤٠٠م ژمارەی پێوانەییم شکاندووە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و چەندین ئەنجامی بەرچاوم بەدەست هێناوە.

*** وەکو یاریزانێك لەئێستادا بەرنامەت چییە؟**

-لەئێستادا دەمەوێ بەردەوام بم لەیاری گۆڕەپان و مەیدان لەبەر ئەوەی یەکێکە لەیارییە خۆشەکان و دەمەوێ ئەنجامی زیاتر بەدەست بهێنم.

*** لەتیپەکەی خۆتان کێشەوگرفتتان چییە؟**

-هیچ کێشەیەکمان نییە. سوپاس بۆخوای گەورە ئێمە لە تیپی گۆڕەپان و مەیدان هەموومان بەیەکەوە و بە یەك تیم کاردەکەین و هەموان کەسانی بەتوانان.

*** لە خێزانەکەت هیچ کەسێکتان وەرزشوانە؟**

-لەباپیرمەوە تاکو ئەوانی ئێستاش زۆربەمان وەرزشوان بووین، واتە خێزانەکەمان زۆربەی وەرزشوانن، بۆیە منیش حەزم لەم یارییە و بەهیوای ئەوەم بەردەوام بم.

***خانەوادەکەت لەوەرزشکردنت رێگرێت لێ ناکەن؟**

-نەخێر، چونکە بە ویستی ئەوان من توانیم بگەمە ئەو ئاستەی ئێستا و بەردەوامیی منیش بۆ پاڵپشتی ئەوان دەگەڕێتەوە.

*** هیوا ئاواتت وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

-هیوام ئەوەیە دووبارە بەشداری لەپاڵەوانیەتی جیهان بکەم و لە ئۆلۆمپیات بەشداربم و بە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە ئاستی وڵاتەکەم بەرزبکەمەوە.

***یانەکەتان وەکو پێویست هاوکاریتان دەکەن؟**

-یانەی وەرزشیی پێشمەرگە تاکە یانەیە لەعێراق و کوردستان زۆر خزمەتی یاریزانانی کردووە و پێداویستی یاریزانان دابین دەکات.

*** بە چ یاریزانێك سەرسامی؟**

-لەعێراق بە یاریزان دانە حوسێن یاریزانی راکردنەو هاورێی نزیکی خۆمە، لەئاستی دەرەوەش بە یاریزانی زۆر بەتوانای ئەمریکی ئالیسۆن فلێکس سەرسامم.

***بۆچی یانەی پێشمەرگەت هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی وەرزش لەم یانەیە بکەی؟**

- چونکە تاکە یانەیە کەخزمەتی یاریزانان دەکات و باشترین یانەی عێراقە.

***بە گرێبەست یارییان بۆ دەکەیت، یاخود تەنیا بە مووچە؟**

-تەنیا بەمووچە یاری دەکەم و زۆریش ئاسوودەم لەیانەکە، هەتا یانەی پێشمەرگەش هەبێ، بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەم.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێ باسی چی بکەیت؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام لەخزمەتی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستانن، بەهیوای کاری جوانترتان لەداهاتوو. سوپاسی راهێنەرەکەم و سەرپەرشتیاری تیپەکەمان بەڕێزان (زەردەشت رەفیق، ئەحمەد بەهادین ) دەکەم کە بەردەوام لەگەڵ ئێمە ماندوون و خزمەتمان دەکەن، سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم بەتایبەتی باوکم کە بەردەوام بەمنەوە ماندووە.

دیمانە: کارزان کانەبی

# چێڵسی ٥٠ ملیۆن یۆرۆی بۆ ئەستێرەیەکی بایرن ئامادەکردووە




رۆژنامەکانی ئیسپانیا ئاشکرایان کرد، کە یانەی چێڵسی ئینگلیزی ئامادەیە لەهاوینی داهاتوودا پارەیەکی خەیاڵی لەپێناو ئارتورو ڤیداڵی چیلی بداتە یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی بۆ ئەوەی بیبەنە یاریگای ستامفۆرد برێج.

رۆژنامەی دۆن باڵۆنی ئیسپانی دووپاتی کردەوە ئیدارەی یانەی چێڵسی ئامادەیە لەپێناو ڤیداڵ بڕی ٥٠ ملیۆن یۆرۆ بە یانەی بایرن میونیخ بدات.

ئەو رۆژنامەیە ئاماژەی بەوەش کردووە کە پێدەچێت لەوەرزی داهاتوودا بایرن دەستبەرداری ڤیداڵ ببێت، چونکە لەشوێنی ئەو یاریزانەدا دوو یاریزانی لاوی هەیە، ئەوانیش (کیمیچ و سانچێز)ـن.

ڤیداڵ لە رابردوودا رایگەیاندبوو کە دەیەوێت لەداهاتوودا بچێتە یانەیەکی ئینگلیزی.

# دۆرتمۆند گرێبەستی ئەستێرەیەکی نوێ کردەوە




جولیان ویگڵی ئەڵمانی و ئەستێرەی یانەی بوروسیا دۆرتمۆند بەفەرمی گرێبەستەکەی تاکوو ساڵی ٢٠٢١ لەگەڵ یانەکەی نوێکردەوە.

جولیان ویگڵ لەساڵی ٢٠١٥ لە یانەی مونشن ١٨٦٠ـەوە پێوەندی بە یانەی دۆرتمۆندەوە کردووەو لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر یاریی کرد و توانی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکیدا بکاتەوە.

ویگڵ لەو کاتەوەی پێوەندی بە دۆرتمۆندەوە کردووە لە ٧٥ یاری ٦٧ یاریی بە سەرەکی ئەنجامداوەو بەهۆی ئاستە بەرزەکەیەوە بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کراو سێ یاریشی ئەنجامداوە.

لەدوای نوێکردنەوەی گرێبەستەکە، ویگل بە سایتی فەرمی دۆرتمۆندی گوت: هەست دەکەم دۆرتمۆند وەکوو ماڵی خۆمە، کەشەکە زۆر نایابە، بڕیارێکی دروستم دا و زۆر بیرم لێنەکردەوە.

# سێرجی رۆبێرتۆ:
# ریاڵ مەدرید زۆر بەبەختە

سێرجی رۆبێرتۆی بەرگریکاری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لەمیانی لێدوانێکیدا ریاڵ مەدریدی بە یانەیەکی بەبەخت دانا لە وەرزی ئەمساڵدا.

سێرجی رۆبێرتۆ بۆ کەناڵی rac١ گوتی: بەبڕوای من ئەوان تا ئێستا بەخت یاوەریان بووە، ئەوە روونە کە یارییەکان کۆتایی نایەت تا ناوبژیوان فیکە لێنەدات، بەڵام ریاڵ لە کۆتا خولەکەکاندا دەبووە براوە لە رێگەی فاوڵ، یان لێدانی کۆرنەرەوە.

رۆبێرتۆ لەبارەی مێسی گوتی: مێسی لێرە دڵگران نییە، ئەو هاوڕێیەکی نزیکی سوارێزەو بەمزووانەش گرێبەستەکەی نوێ دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا سەبارەت بە لیۆ و رۆناڵدۆ گوتی: هەموو کەس دەزانێت مێسی باشترینەو هەرگیز کەسی پێ بەراورد ناکرێت، ئەو شایستەی باڵۆن دۆرە.






# هەفتەی داهاتوو خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان دەست پێدەکاتەوە

دوای ئەوەی بۆ ماوەی شەش هەفتە لەسەر یەك یارییەکانی قۆناخی یەکەمی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان بەبەشداری ١٤ یانەو بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان کە دابەشکرابوون بەسەر دوو کۆمەڵە یارییەکانی خولەکە لەنێوان یانەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، بۆیە لەدوای کۆتاییهاتنی یارییەکانی قۆناخی یەکەمیش یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بەفەرمی بڕیاری دا کەوا یارییەکانی خولەکە رابوەستێ تاکو رێکەوتی ٥-١-٢٠١٧ دواتریش یارییەکانی قۆناخی دووەم دەست پێبکات، هەر لەهەمان کۆبوونەوەی یەکێتیەکە بڕیاردا کەوا هەر یانەیەکی بەشداربووی خولەکە دەتوانێ ناوی پێنج یاریزانی تازە دیاری بکات بۆ ریزی تیپەکەی بۆ بەشداریکردن لەیارییەکانی داهاتوویان لەهەر دوو کۆمەڵەکانیش نەورۆز لەکۆمەڵەی یەکەم بە ١٣ خاڵ و زاخۆ لە کۆمەڵەی دووەم بە ٩ خاڵ پلەکانی یەکەمیان بەدەستهێناوە.

# کەس هاوکاریی پاڵەوانی وەرزی رابردووی نەکرد




دوای ئەوەی تیپی تۆپی فوتساڵی یانەی ئافرەتانی هەولێر سەرقاڵی ئەوە بوون کە بتوانن پارێزگاری لە نازناوی خولی فوتساڵی عێراقی بکەن کە وەرزی رابردوو خۆیان نازناوەکەیان هێنابووە پایتەختی کوردستان، بەڵام ئەم وەرزە بەهۆی هاوکاری نەکردنیان لەلایەن بەرپرسانی شاری هەولێر، لەخولی تۆپی فوتساڵی یانەکانی عێراق لە کۆمەڵەکەی خۆیان لە شاری دهۆك بەشدارییان نەکرد، لەم بارەشەوە مەزن محەممەد راهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئامادەکاری تەواومان هەبوو کە بتوانین بەشداری خولی فوتساڵی عێراقی بکەین و ئەنجامی باشیش بەدەست بهێنین، بەڵام باری دارایی رێگرییەکی گەورە بوو لەئەگەری بەشداری نەکردنمان لەم خولەدا، هەرچەندە ئێمە پاڵەوانی وەرزی رابردووش بووین و لەدەرگای چەندین بەرپرسمان دا، بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن بۆ بەشداریکردن و پاراستنی نازناوەکە، بەڵام کەس دەرگای لەئێمە نەکردووە، بەداخەوە یانەیەك لەپایتەختی کوردستان بێت و بە ناوی هەولێر بەشداری بکات، کەسێك نەبێت هاوکاری بکات، ئەوە گرفتە، بۆیە کە هەر زانیشمان بەشداری ناکەین، دواجار یاریزانەکانی خۆمان بەسەر یانەکانی دیکەدا دابەشکرد بۆ ئەوەی ئەوان سوود لەتوانای یاریزانەکانی ئێمە ببینن و یاریزانانیش بێئومێد نەبوون و بۆخۆیان بتوانن سوود بە یانەیەکی دیکە بگەیەنن، بەهیوای ئەوەم لەداهاتوودا بۆ خولەکانی دیکە هاوکاریمان بکرێت.





# چەندین راهێنەر داوای راهێنەرایەتی یانەی زاخۆ دەکەن

دوای ئەوەی لە بەرە بەیانیەکی زووی شاری هەولێردا راهێنەری یانەی زاخۆ (ماریا کوچیرونی رۆمانی) لە رێگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە بەبێ ئاگاداری یانەی زاخۆ بەرەو تورکیا دەڕوات و هیچ لایەکیش لە رۆیشتنی ئاگادار ناکاتەوە، تەنانەت کارگێڕی یانەی زاخۆش بەم کارە نازانن، بۆیە کارگێڕانی یانەکە دەیانەوێت راهێنەرێکی بەتوانا بهێنن بۆ هەڵسانەوەی یانەکە، لەم بارەشەوە خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە دوای رۆیشتنی راهێنەری پێشوومان ماریا کوچیرونی رۆمانی بیرمان لەهێنانی راهێنەری دیکە کردووەتەوە بۆ ئەوەی درێژەپێدەری کارەکانی خۆمان بین لەخولی عێراقی و هەوڵیش بدەین تیپەکەمان ببەینە قۆناخی باشتر، راهێنەری پێشوومان بەبێ پرسی ئێمە تیپەکەی جێهێشتووەو ئێمەش کێشەکەمان بە یەکێتی تۆپی پێی عێراقی گەیاندووەو ئەوان بەداواداچوونی بۆ دەکەن.» گوتیشی: «ئێمە هیچ گرفتێکی ئەوتۆمان نییە، تەنیا ئەوەیە کە نەمانتوانیوە ئەنجامی باش بەدەست بهێنین و راهێنەریش بۆ ئێمە نابێتە کێشە، چونکە لەئێستادا ئێمە لەگەڵ زیاتر لەپێنج راهێنەر لەگفتوگۆداین بۆ ئەوەی کەسێك دیاری بکەین، ئەوانیش راهێنەری ناوخۆیی عێراقی و دەرەوەشی تێدایە، بۆیە پەلەمان نییە بۆ ئەوەی بتوانین کارێکی باش بکەین.» لە بارەی ئەگەری کەوتنی یانەی زاخۆش خەلیل گوتی: «ئێمە بەهیچ شێوەیەك رێگانادەین یانەی زاخۆ بکەوێت و لەقۆناخی گواستنەوەی یاریزانان کارێکی گەورە دەکەین و چەندین ئەستێرە دەهێنینە ریزی یانەکەمان و رەنگە گۆڕانکاری تریش بکەین، بۆیە هەرچی لەتوانای ئێمە بێت لەئیدارەی یانەی زاخۆ دەیکەین بۆ بەرزکردنەوەی ناوی زاخۆ، بەڵام جارێك یارییەکانمان دواخراوەو نازانین بەشداری خولەکە دەکەینەوە، یان هەروەها دەمێنێتەوە.»